# کورد و کێشمەکێشی نوخبەی دەسەڵاتدار لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

08-06-2020

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە** : دیمەنی 2020ی سیاسەتی نێوخۆیی 4وڵاتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە کوردستان لەنێویاندا بەشکراوە، تژی کێشمەکێشی نێوخۆییە. ئێستا ئیدی ململانێکان تەنها لەنیوان"نوخبەی پەراوێزخراو"ی کۆمەڵگای ئەو وڵاتانەدا نییە، بەڵکوو قۆناخێکی دیکەیشی بڕیوە و"نوخبەی دەسەڵاتدار"یش ئاژاوەی تێکەوتووە. تێگەیشتن لە سرووشتی ئەو ناکۆکییانە، بۆ کورد و گرووپە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە پڕبایەخە. دواجاریش، ئەو کێشمەکێشە هەم دەوڵەتانی ناوچەکە لاوازتردەکات، هەم وێنەیەکی روونتری رووداوە سیاسییەکانی ناوچەکەش دەردەخات.

زریان رۆژهەڵاتی|

دیمەنی 2020ی سیاسەتی نێوخۆیی 4وڵاتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە کوردستان لەنێویاندا بەشکراوە، تژی کێشمەکێشی نێوخۆییە. ئێستا ئیدی ململانێکان تەنها لەنیوان"نوخبەی پەراوێزخراو"ی کۆمەڵگای ئەو وڵاتانەدا نییە، بەڵکوو قۆناخێکی دیکەیشی بڕیوە و"نوخبەی دەسەڵاتدار"یش ئاژاوەی تێکەوتووە. تێگەیشتن لە سرووشتی ئەو ناکۆکییانە، بۆ کورد و گرووپە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە پڕبایەخە. دواجاریش، ئەو کێشمەکێشە هەم دەوڵەتانی ناوچەکە لاوازتردەکات، هەم وێنەیەکی روونتری رووداوە سیاسییەکانی ناوچەکەش دەردەخات.

**دیمەنی گشتی؛ زنجیرەی تەنگژە و قەیرانەکان**

ئەو چوار دەوڵەتەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە یەکێك لە خاڵە هاوبەشەکانیان پرسی کوردە، بە دەست کۆمەڵێك پرسی ئاڵۆزی دەرەکیی وە دەناڵێنن. دۆخی نالەباری سیاسەتی دەرەکی و نێوخۆیی لەگەڵ شەقبردنی درزی ناکۆکییە نیوخۆییەکانی نوخبەی دەسەڵاتدار وایکردووە تا ئەو چوار دەوڵەتەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە گشتی لە نێوخۆ زیاتر روو لە سیاسەتی ئەمنی بکەن و لە سیاسەتی دەرەوەش پەنا بۆ هاوپەیمانی و رکابەریی چەکەمەنی ببەن. ئێران بەردەوامە لەگەشەپێدانی توانای موشەکی و ئەتۆمی خۆی و خەریکی گەشەپێدانی باڵادەستی هێزی ئاسیمەتریکی خۆیەتی لە ناوچەکە. لە تورکیا رۆڵی وەزارەتی نێوخۆ زۆر زیاتر بووە و پیشەسازی چەکەمەنی ئەو وڵاتەش بە تایبەتی لە بواری فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا لە گەشەکردندایە. سەلجوق بایراکتار هاوسەری سومەیە کچە گەورەکەی ئەردۆغان، دوای خوێندن لە ئەنیستیتۆی تەکنەلۆژی ماساچۆست گەڕایەوە تورکیا و کۆمپانیای بایکار ماکینای دانا. ئەو بووەتە ئەندازیاری گەشەپێدانی توانای وڵاتەکەی لەبەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە لە ماوەی لانیکەم یەك ساڵی رابرووودا، لە رووداوەکانی شەڕی دژی پەکەکە، رۆژئاوای کوردستان و لیبیا، کاریگەرییەکی بەرچاوی داناوە. عێراق و سوریا، هێشتا وەك ئێران و تورکیا دەرفەتی بەهێزکردنەوەی سوپا و بایەخدانی زیاتریان بە چەکەمەنی پەیدا نەکردۆتەوە.

پێکهاتەی دەسەڵات و سیستەمی نێوخۆیی ئەم دەوڵەتانە رۆژبەڕۆژ موحافزەکارتر و دەسەڵاتگەراتر دەبێت. لە تورکیا کە دیموکراسییەکی ریشەدارتری لەم ناوچەیە هەیە، مەیلی دەسەڵاتگەرایی خەریکە زیاتر گەشەدەکات. شەپۆلێکی نەتەوەگەرایی-ئیسلامگەرایی کە لە کەسایەتی ئاکپارتی- مەهەپەدا سیمبولیزە دەکرێت، جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و یەکێك لە نیشانەکانی دەسەڵاتگەرابوونیشی ئەوەیە کە تورکیا لەم ساڵانەی دواییدا کەوتووەتە ریزی 10 دەوڵەتی یەکەمی جیهان کە زیاترین رۆژنامەڤانی گیراویان هەیە. لابردنی فەرمانبەرانی ناڕازی و جیگۆڕکێی نوخبەی سەربازی لەجێی خۆی بوەستێ، سەرۆك شارەوانییە هەڵبژێردراوەکانیش بە بڕیاری وەزارەتی نێوخۆ لادەدرێن و تەنانەت بەمدواییە، سێ پەرلەمانتاریش حەسانەیان لابرا و رەوانەی زیندان کران و بەوەش هەڵبژاردن خەریکە بەشێك لە واتای خۆی لە دەستدەدات. گۆڕینی سیستەمی پەرلەمانی بۆ سەرۆکایەتی، دەرفەتێکی زۆری بۆ بەهێزبوونی دەسەڵاتگەرایی لە تورکیا رەخساندووە و ئۆپۆزیسیۆنیش، گەلێك رەخنەی لە رۆڵی بنەماڵە و کەسانی نزیك لە سەرۆککۆمار لە سیاسەتی وڵاتدا گرتووە. هاوشانی ئەوەش، دۆخی ئابووری بەهۆی کۆرۆناوە رووی لە خراپییەکی زیاتر کردووە و ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاستی رەزامەندیی خەڵك داناوە. بەپێی دوایین راپرسیی دەزگای مەترۆپۆل- metropoll، رێژەی پۆپۆلاریتیی ئەردۆغان لە57.2%ی 2مانگ بەرلە ئێستا، بۆ50.7% دابەزیوە. ئەویش لە کاتێکدایە کە نەفەری دوای ئەو، واتا مەنسوور یاواش سەرۆکی شارەوانی ئەنکەرە، بە 49.6%ەوە، 1 خاڵ جیاوازی لەگەڵدا هەیە!

ئێران لەماوەی کەمتر لە دووساڵدا، زیاتر لە 10 فەرماندەی گرنگی سوپای پاسدارانی گۆڕیوە. دووکەس کە، لە کاندیدە گرنگەکانی هەڵبژاردنی 2017ی سەرۆکایەتی کۆمار بوون و نەیانبردەوە، بەڕێگای دیکە بوونەتە سەرۆکی دوو دەسەڵاتی گرنگ؛ دەسەڵاتی داد- ئیبراهیم رەئیسی، دەسەڵاتی یاسادانان- محەمەد باقر قالیباف! بەوەش بێجگە لە رابەر، سەرۆکی دوو دەسەڵات لە سێ دەسەڵاتەکەی ئێران خەڵکی خۆراسان- مەشهەدن کە هاوپەیمانییەکی رانەگەیەنراوی نێوان سەرباز- رۆحانییەکانی وەفاداری رابەری ئێران سیمبولیزە دەکەن. لە کۆی 12 ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی ئێران، 7یان پێشتر ئەندامی سوپا بوون و زیاتر لە 240 ئەندامی پەرلەمانی

ئەم خولەش سەربە موحافزەکارەکانی وەفاداری رابەری ئێرانن. بەگشتی هەوڵێکی بەرچاو بۆ تۆکمەکردن و یەکدەستکردنی دەسەڵات لە ئێران لە ئارادایە. لە تەنیشت ئەوەشدا دۆخێکی سەختی ئابووری هەیە و لەماوەی چەند ساڵی رابردووشدا، هەمو ساڵێك ناڕەزایی خەڵك دەرکەوتووە.

لە عێراق خواستێکی شیعی بۆ دەسەڵاتگەرایی لە ئارادایە کە لە سەردەمی مالکی وە دەستپێکرد و دواتر لە سەردەمی عەبادی بەناوی سەپاندنی یاسا درێژەی پێدرا. داواکاریی بەشێك لە لایەنە شیعییەکانیش بۆ گۆڕینی سیستەم بۆ سەرۆکایەتی لە ئارادایە کە بە لەونێك، خواستێکی دەسەڵاتگەرایی لە پشتە. رێژەی بەشداری راستەقینەی خەڵك لە هەڵبژاردنی 2018 زۆر کەمتر بووە لەوەی کە راگەیەنرا و رۆڵی دەزگا سەرووهەڵبژاردنییەکان لە ئیدارەی وڵاتدا شتێکی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگرە. لەگەڵ ئەوەشدا ناڕەزایی جەماوەری هێشتا بەردەوامە. هەرچەندە هێشتا دەسەڵاتگەرایی لە عێراق زیندوو نەبووتەوە بەڵام، کابینەی ئەمجارەی حکوومەت لەژێر هەیمەنەیەکی ئەمنی- سەربازیدایە. سەرۆکوەزیر بۆ خۆی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری بووە و کەسانی سەربازیی وەك عوسمانی غانمی و جومعە عیناد لە چنینی تەونی سیاسەتەکانی حکومەتەکەیدا بەشدارن و ئەگەر حکومەتەکە درێژخایەن بێت، دوور نییە کە هەمان رەوتی عەبادی و مالکی درێژە پێبدات.

دۆخی سووریاش لە بەرچاوانە. حکومەت لە جیاتی گۆڕان و چاکسازی پەنای بۆبەکارهێنانی توندوتیژی وهاوپەیمانیی دەرەکی برد هەتا خۆی لەسەر پێ بهێڵێتەوە. ئەوەی رووەدات تەنها هێشتنەوەی سیستەمە بە زەبر و خواستی دەرەکی!

**شەقبردنی درزی ناکۆکییەکانی نوخبەی دەسەڵاتدار**

ناکۆکییە نێوخۆییەکانی نوخبەی دەسەڵاتداری چوار دەوڵەتەکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە 2020دا گەیشتووەتە ئاستێك کە ئیدی بە ئاسانی دزە دەکاتە میدیا و بڵاودەبێتەوە. هەڵبەت ئەمە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ناکۆکییەکان و ئامادەبوونی بەستێنی پێویست بۆ دەرکەوتنیانە نەك ئەوەی کتوپڕ هەڵتۆقیبێت. لەماوەی 20 ساڵی رابردوودا، لانیکەم 6جۆرناکۆکیی گرنگ لەنێو نوخبەی دەسەڵاتداری ئێراندا دەرکەوتووە؛ کێشمەکێشی ریفۆرمخوازو و موحافزەکارەکان، ناکۆکیی ئەحمەدی نەژاد- خامنەیی، پەراوێزخستنی رەفسەنجانی، کێشەی لاریجانییەکان و کێشەی نێوان سوپا و ئەرتەش! ئەمانە تا ئێستا نەیانتوانیوە سیستەمەکە هەڵدڕن و لەناوی بەرن بەڵام، درزی گەورەیان تێدا درووستکردووە کە زەحمەتە پڕبکرێتەوە و لەوانەیە لە قۆناخی پۆست- خامنەیی دا شەقی زیاتر بەرێت.

لە تورکیای سەردەمی ئاکپارتیدا ناکۆکییەکانی گویلەنییەکان- ئاکپارتی، سوپا- ئاکپارتی و ناکۆکیی نێوخۆیی ئاکپارتی لە ریزی گرنگترین درزەکانی نوخبەی دەسەڵاتدارن. ناکۆکی سوپا و ئاکپارتی لە دۆسییەی ئەرگەنەکۆندا گەیشتە لوتکە و ململانیی نێوان گویلەنییەکان و ئەردۆغان لە هەوڵی کودەتاکەی 2016دا تەقییەوە. گرنگترین ناکۆکیی نێوخۆیی نوخبەی دەسەڵاتدار لە تورکیا ناکۆکیی نێوخۆیی ئاکپارتییە. ئەوانەش تەنها ناڕەزایی عەبدوللەتیف شەنەر، عەبدوڵڵا گویل و دامەزراندنی دوو حزبی تازە لە هەناوی ئاکپارتی نین، بەڵکوو ناکۆکییەکی دیکە لە نێو ئاکپارتی خەریکە سەرهەڵدەدات ئەویش، ململانێی سولەیمان سۆیلو وەزیری نێوخۆ لەگەڵ بەرات ئاڵبایراك وەزیری حکوومەت و زاوای ئەردۆغانە. ئەم ناکۆکییە ئەوەندە قووڵبووەتەوە کە کارگەیشتە ئەوەی ئەو دووانە، لەپێش زووومی کامێراکان شان لە شانی یەك بدەن! راپرسییەکی ئەمدواییەی دزگای مەترۆپۆڵ دەریدەخات کە پۆپۆلاریتی کەسانەی نەتەوەگەرا ناو ئاکپارتی وەك خلوسی ئاکار و سولەیمان سۆیلو خەریکە زیاتر دەبێت. بۆیە لەوانەیە لە داهاتوودا ناکۆکیی نێوان ئاکپارتیی کۆن و ئاکپارتیی تازە سەرهەڵبدات. سولەیمان سویلو کە 2012 بووەتە ئەندامی ئاکپارتی لەگەڵ خلوسی ئاکار فەرماندەی پێشووی سوپا کە ئێستا وەزیری بەرگرییە و ئەندامی ئاکپارتییە، لە ریزی 5 سیاسییە پڕجەماوەرەکەی تورکیادان و لە سەرووی 40% یان هێناوە. ئەمانە ئەگەر لەگەڵ ئەردۆغانیش نەکەونە ململانێ، پێگەیەکی وایان پەیداکردووە کە ئەردۆغان ناتوانێ پشتگوێیان بخات.

لە عێراق شیعەکان دەسەڵاتداری راستەقینەی وڵاتن. لە دوای 2003وە هەموو حزبەکانیان درز و دابەشبوونی تێکەوتووە و ململانێکانیان لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لە ئاستێکی بەرزدایە. ئەمە لە نێو سوونە و کوردیشدا بەوجۆرەیە. هەڵبەت خاڵی جیاکەرەوەی عێراق لە تورکیا و ئێران ئەوەیە کە هێشتا گرووپ یان دەستەیەك نەیتوانیوە بەشێوەی رێژەیی بەسەر هەموو نوخبەی دەسەڵاتدار دا زاڵ بێت.

لە سووریا کێشەکانی ئەمدواییەی نێوان بەشار ئەسەد و رامی مەخلوفی کوڕە خاڵی، تەقینەوەی ململانیی نێوان ئەلیتی سیاسی و ئابوورییە لەو وڵاتە. بۆچوونی جیا هەن سەبارەت بەوەی کە لەڕووی نێوخۆییەوە ئەمە دەتوانێت ململانێی نێوان بنەماڵەیەکی سوننە بێت بە پشتیوانی ئەسما ئەسەد لەدژی رامی مەخلوف کە بەشێکی زۆری ئابووری سوریای لە ژێر دەستدایە، یان لەڕووی دەرەکییەوە ئەمە دەتوانێت ململانێی نێوان رووسیا و ئێران بێت، بەوپێیەی کە رامی مەخلوف یارمەتیی دارایی هەندێك لە گرووپە میلیشیاکان دەکات کە ئێران پشتیان دەگرێت و رووسیاش لەمە رازی نییە. ئەوانە راست بن یان نا، شەقبردنی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی بنەماڵەی ئەسەد لە سووریا کە بە پاڵپشتی دەرەکی لەسەر پێ ماوەتەوە، ئەوان لاوازتر دەکات و زیاتر وابەستەی دەرەوەیان دەکات.

**ئەنجام**

شەقبردنی درزی ناکۆکییە نیوخۆییەکانی نوخبەی دەسەڵاتدار ڕووداوێکی گرنگە. پێدەچێت سیحری کۆکردنەوەی هەموو بەرژەوەندی و لایەنەکان لەژێرناوی"دوژمن" لەم ناوچەیە کە هەندێك لە سەردەکردەکان بۆ گلێرکردنەوەی نوخبە و سەرکوتکردنی ناڕازاییەکان بە کاری دێنن، ئیدی وردە وردە بەرەو بەتاڵبوونەوە بچێت. ئەو ناکۆکییانەی کە تا ماوەیەك پێش ئێستا بە دەگمەن سەیردەکران، خەریکە ڕوودەدەن، نوخبەی دەسەڵاتدار زیاتر لە جاران ئاژاوەیان تێدەکەوێت و ئەمەش بۆ شوێنێکی وەك ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بەشێکی زۆری وەرچەرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بەهۆی ململانێی نوخبەکانی دەسەڵاتدارشکڵی گرتووە، ڕووداوێکی گرنگە. لەوانەیە بەهۆی ناکۆکیی نێوخۆیی نوخبەی دەسەڵاتدار، بەرەو سەردەمێکی لاوازیی زیاتری ئەو چوار دەوڵەتە بچین. ئەمە دەرفەتێکی بەهێزبوونی بۆ کورد لەهەناودایە ئەگەر کورد لە ئاستی ناکۆکییە نوخبەییەکانی خۆی کەمتر بکاتەوە! بێگومان کورد ناتوانێ لەوانی دیکە جیاواز بێت بەڵام، ئەوەی دەرفەتێکی بۆ کورد تێدایە، ئەوەیە کە بە بەراورد لەگەڵ نوخبەی دەسەڵاتدار لەو چوار دەوڵەتە، سەرچاوەیەکی کەمتری لەبەردەستدایە تا ئاژاوەی لەسەر بکات.